تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# ١٠ی خاکە لێوە ڕۆژێکی دڵتەزێن لە مێژووی گەلی کوردستانە

مێژووی گەلی کورد پڕە لە کارەساتی دڵ تەزێن و بایەخ داری ئەوتۆکە پێویستە بەباشی شی بکرێنەوەو بکرێنە سەرچاوە بۆئەوەی کەڵکیان لێ وەرگیرێ ولەهەمانکاتدا ڕادەی دڕندەیی و قین لەدڵی دژمنانی کوردیان پێ بناسین. خوێن ڕشتنی کوردەکان لەدێرزەمانەوە، وەك کردەوەو هەڵوێستی ئاسایی دەسەڵات وفەرمانڕەواکانی بێگانە و خۆسەپێنەکان بووە.وێران کردنی کوردستان وهەڕەشەو تۆقاندنی هاونیشتمانانی کوردستان سەدەیەکی تەواوە لەبەرنامەو سیاسەتی دەسەڵاتدارەملهورەکان دەبیندرێ. ئەودەسەڵاتانەی کە هیچ بنەماوئوسولێکی ئینسانی و ئیسلامیان نەناسیوەو پێ بەندی هیچ نەوعە ڕێو شوێنێکی مرۆڤانە نەبوون مافی سەرەتایی بۆمرۆڤەکان و مافی نەتەوەو ئاینەکانیان پێ شێل کردوە .

یەکێك لەدەسەڵاتە ملهورەکان کەزۆری خراپە وکردەوەی ناڕەوا و ناپەسەند لەگەڵ گەلی کورد بەرێوەبرد، ڕژیمی حەمەڕەزاشابوو ئەو ڕژیمەی کەخۆی بەدەسەڵاتی پێش کەوتوو مەدەنی دادەنا بەڵام ئەوەی ڕەفتاروکردەوەی مەدەنیانەو ئینسانی بووبێ لێی نەدەبیندراو تەواو بەپێچەوانەوە لەبەرانبەرئازادیخوازان دا ڕەفتارو هەڵوێستی دڕندانەی پەیرەودەکرد. دەسەڵاتی سەرکوتگەرو دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا ٦٠ ساڵ پێش لەئێستاو لە ١٠ی خاکەلێوەدا، بەپێ شێل کردنی بەلێنەکانی هەڵوێست وکردەوەیەکی ناڕەواو جەرگ بڕی لەبەرانبەرگەلی کورددا ئەنجام دا،کەهەتاهەتایە لەبیری هیچ کوردێك ناچێتەوە. دەی خاکەلێوە جیاواز لەوەی بیرهێنەرەوەیەکی دیارە بۆناسینی دزێوی ودرەندەیی دژمنانی کوردوکوردستان هەوێنیشە بۆبەربەرەکانی و ڕاپەڕین لەبەرانبەر ستەم گەراندا.بەڵێ لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٩٧٤زاینی – ١٣٢٦ کۆچی خۆری لەدوای دادگایکردنی فەرمایشی و بێ بوونی هیچ بەڵگەیێك قازی محمد سەرۆك کۆمارو پێشەوای کوردلەگەڵ حەمەحسێن خانی قازی ئامۆزای و ئەبولقاسم سەدری قازی برای پێشەوا لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئیعدام کران.

خەبات و ماندووبوونی قازی محمدی نەمر لەسەرەتای لاویەتیەوە لەپێناو گەل ونیشتمان، هەرلەپارێزگاری لەشاری مهابادو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خراپەکاران و پێك هێنانی هەل ومەرجی دۆستانە و برایانە لەنێوان خەڵکی شاری مهاباد داو هەروەها لەدەورانی یەك ساڵەی سەرۆکایەتی کوردستاندا نمونەی دلسۆزی ئەومرۆڤە بلیمەتە و هەستی نیشتمان پەروەری و ئیمان داری نیشان دەدا بەتایبەت مقاومەت و نەبەزی قازی محمدی تێکۆشەر لەزینداندا و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر حاکمەکانی حکومەتی شادا و چاونەترسی لەماوەی چەندمانگی زیندان بوونیدا، دەریخست کەپێشەوا قازی محمد چەندەخۆراگرو چەند دڵ بەهێز و بە وورە بووە.

دوای ڕۆیشتنی هێزەکانی شووڕەوی لە ئازەربایجان و کوردستان و پشت هەڵکردنی لە کۆمار، پێشەوای نەمر لەبەرئەوەی هاونیشتمانانی نەکەونەبەرپەلامارو هەرەشەی زیاتری دەسەڵاتداری شا، خۆی تەحویل ئەرتەشی شا و سەرلەشکر هومایونی دا، بەڵام دەسەڵاتی شا، بەلێنیەکانیان ژێرپێ دا، پێشەواو هەڤاڵانی زیندانی کردو دوای موحاکەمەی نا عادڵانە ئیعدامی کردن. هەروەها چەند کەسی دیکەیان گرت و شەهیدیان کردن و کەوتنە ئازاردانی خەڵك. ئەوسیاسەت و هەڵوێستە دڕندانەی دەسەڵاتی شا کەلەتێکرای دەسەڵاتداریە ملهورەکان دەبیندرێ، بەڵگەیێکی دیارە بۆئەوەی جەماوەری کوردستان باشتر سیاسەت و ملهوڕی داگیرکەرانیان بۆئاشکرابێ و لەهەمانکاتیشدا ئەوە ئاشکراتر دەبێ کەدەسەڵاتدارانی ملهور حەق و عەدالەت نازانن، تەنیا زمانی زۆرو کوشتن و ئیعدام دەزانن و ئامادەنین هیچ بەلێنێك بەرنە سەر. ئیعدام کردن و شەهید کردنی پێشەوای نەمرو هەواڵانی لەگەڵ ئەوەی نمونەی دڕندەیی و ملهوری داگیرکەرانی ئەوکاتی کوردستانی نیشان داوە. مەزلومی و لەسەرحەقی گەلی کوردستانیشی دەرخست و گەیاندی کەئەگەر کورد خەبات دەکاو داوای ماف و ئازادیەکانی دەکا داواکانی ڕەوان و ناکرێ لەژێر سایەی ئەو جۆرە دەسەڵاتانەدا، مل کەچ و بێ دەنگ دانیشن. بەڵێ ئیعدامی پێشەوا قازی محمدو هەڤاڵانی وکارەساتە جەرگ بڕەکان لەمێژووی گەلی کوردا ئەوەمان فێردەکا سووربین لەسەر خەبات و تێکۆشان لەڕێگەی ئازادی و ڕزگاریدا.



سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەیادی ٦٠مین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محمدو حەمەحسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی هەزاران درودو سڵاودەنێرێ بۆ ڕۆحی پاکیان وبەرهەمی خوینی قازی محمدی شەهیدی ڕێبەرو پێشەوای کورد و تێکرای شەهیدانی کوردستان بەفیڕۆناچێ و کوردستان بەئازادی دەگا و گەلی کوردیش لەسایەی ئازادیدا بەئاسودەی دەژی بەرەو پێش دەچێ.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦

# گۆرانی ئاو و هەوا لە ژیانی ئێوەدا چ کاریگەرییێکی هەبووە



لە راپۆرتێکدا کە شاندی نێودەولەتی گۆرانی کەش و هەوا ( iPCC) کە بلاوی کردەوە هاتووە کە: بەسەرنج دان بەونیشانانەی، دەرکەوتووە سەهۆڵکان بەرەو توانەوە دەچن و هەواش بەرەو گەرمی دەروات. ئەگەرچی خەڵکی ئاسایی لەوانەیە بەهۆی جۆراو جۆرەوە هەستی پێ نەکەن بەڵام لێکۆلەرەوان و شارەزایان هەستی پێ دەکەن و بەمەترسی بۆ سەر ژیانی خۆیانیان دەزانن. سایتی بی بی سی لە هەڵمەتێکی راپرسیدا داوای لە خەڵکانی جیهان کرد کە نەزەری خۆیان لەوبارەوە بنووسن و بڵێن کە گەرم بوونی فەزای زەمین هۆکارەکەی خەڵکن یان نا. لەو بارەوە بیروڕاکان ئەوە نیشان ئەدات کە زۆرێك لە خەڵك لە گۆشەو کەناری دونیا باسیان لە گەرم بوونی شوینی ژیانی خۆیان کردوە. لە هێندێك لێکۆلینەوە و زانیاریدا، وەها دیاردەیێك پەسەندکراوە، بەڵام لە هێندێکی دیکەدا شتی وا کە بتوانێ گەرم بوونی هەوا بە هۆکاری راستە و خۆی ئەو گۆرانە بزانێ نەهاتووە.زۆربەی بیرورا نێردراوەکان لە ئەمریکای باکور و ئوروپا، بەتایبەت بریتانیا، لە زستانی گەرمتر و بەفرنەبارین و توانەوەی سەهۆلەکان و گۆرانە بنەرەتیەکان باس دەکەن، گۆرانێك کە زۆربەی دانیشمندان پێوەندی دەدەن بە گەرم بوونی زەویەوە. یەکێك لەو باسانەی کە کەوتبووە بەر سەرنجی خەڵکانی دانیشتووی ئەمریکا و ئورووپا، گەرم بوونی بێ پێشوونەی زستانی رابردوو بوو. زۆرێك لەوانە لە پەیامەکەیاندا لە دیتنی گوڵ و میوە و زیندەواری وەکوو هەنگ و پەپوولە لە ناوەڕاستی زستان دا قسەیان کردبوو. زۆربەی دانیشمەندان بۆ لێکۆلینەوە لە گەرم بوونی زەوی و پاشهاتەکانی، بەجێگەی موتالەعەی کورت ماوە، دەورەی درێژماوە بە ماوەی چەند ساڵ وەیان چەند دەیە لە بەرچاو دەگرن. بەڵام بەو حاڵە ئیدارەی کەشناسی بریتانیا دەڵێ: زستانی ئەو وەڵاتە بەشێوەییێکی بێ پێشوونە سارد بووەو بە پێی لیکۆلینەوەکان، تەنیا زستانێکی دیکە لە زستانی ساڵی ڕابردوو ساردتر بووە. ئەوە باسێکە کە لە گەڵ پێش بینیەکانی تایبەت بە گۆرانی ئاو هەوا دیتەوە. ئیدارەی کەشناسی ئەمریکاش گەرم بوونی زەوی بە یەکێك لە هۆکارەکانی گەرمای بێ پێشوونەی هاوینی ٢٠٠٦لەو وەڵاتە زانیوە. هاوینی ساڵی ڕابردوو گەرمای ئەمریکا بەرادەیەك بوو کە لە مێژوودا تۆمار کرا. لێکۆلینەوەکان دەری دەخەن کە بە گەرم بوونی زەوی و ئاوو هەوا، سنووری جوغرافی بێ کەڵك بۆ ژیان کردن پەرەی گرتووە کە ئەو مەسئەلە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکانی وەکو مالاریا. لێکۆلینەوەیەك کە لە زانستگای ئورگونی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١دا بلاو بۆوە دەری دەخات کە بە هۆی گەرم بوونی هەوای زەویەوە میشولەکان حالەتێکی ژنیتیکیان تێ دا دروست دەبێ کە دەبێتە هۆی مانەوەیان لە زستاندا. ئەمریکایەکان و کانادایەکان دەڵێن کە زستانی گەرم و کەم بارینی بەفر و باران لەرێدایە. ژمارەیەك لە دانیشتوانی وەڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا دەڵێن: کە خولی سەهۆڵ بەندانی سەتحی دەریاکان و چۆمەکانی دەوروبەری ژیانیان سەبارەت بە رابردوو کەمتر بۆتەوە. بۆ تەئید کردنی ئەو دیاردە دەتوانین بە لێکۆلینەوەی دەستەیێکی نێودەولەتی لە دانیشمەندان لە ساڵی ٢٠٠١ ئیشارە بکەین. لێکۆلینەوەی ئەو دانیشمەندانە دەری دەخات کە سەبارەت بە ساڵەکانی ١٨٥٠، سەهۆڵی بان دەریاچەکان و دەریاکان نیوسەدە درەنگتر دەیبەستێ و زووتریش دەبێتە ئاو . هاوکات، گەریدەکانی فەرانسە دەڵێن کە بە درێژبوونەوەی وەرزی گەرما سەهۆلەکان لە کیوەکانی ناوچەی ئالپ تواونەتەوە. دانیشمەندان لە زانستگای زوریخ لە سویس پێشبینیان کردوە کە تا ساڵی ٢١٠٠ بەهۆی گەرم بوونی زەوی، ٨٠تا ١٠٠لەسەدی سەهۆلەکانی زنجیرە کێوەکانی ئالپ بتوێنەوە.

ژمارەیەك لە دانیشتوانی انگلستان و رۆژئاوای ئەمریکا، ئەفریقاو ئوستراليا، نیشانە گەلێك لە بارانی کەم و زیابوونی ویشکە ساڵی باس دەکەن. لێکۆلینەوەی ناوەندی بەدوادا چوونی سەنعەتی و عیلمی ئوستراليا نیشانی ئەدات کە ویشکەساڵی لەو وەڵاتە، زیاتر لەبەر هۆی گۆرانی سروشتە، ئەو لێکۆلینەوە لەگەڵ بەدوادا چوونەکانی دیکە لەوبارەوە کە لە سەرانسەری جیهان دا ئەنجام دراوە، دێتەوەو بە پێچەوانەی نەزەر دەرانی دانیشتوی زەلاندی نوێ و بەشێك لە ئاسیایە، کە بە جێگەی ویشکە ساڵی، قسە لە بارانی توندترو سێلاوی بەرین دەکەن. لێکۆلینەوەی جۆراو جۆر دەری دەخات کە گەرم بوونی ئاوی ئۆقیانووسەکان، دەگەڕێتەوە بۆ گەرم بوونی زەوی و لەوانەیە ببێتە هۆی باران بارینی زیاتر لە هێندێك ناوچەی کەمدا. شتێك کە سەرنجی دانیشتوانی قەراغەکانی رۆژئاوای ئەمریکا و کانادای راکێشاوە، ئاو هەوای تۆفانی و سەیرو سەمەرە و غەریبە کە شایەدی بوون. وەکو سەرمای کتوپڕی کالیفۆرنیا لە زستانی رابردوو کە بە بارینی بێ پێشوونەی بەفر لە بەشێك لە کالیفۆرنیا هاوکات بوو . نمونەیەکی دیکە، تۆفانێك بوو کە لە بریتیش ی کۆلمبیای کانادا کە زیاتر لە ٣٠٠٠داری هەڵکەند، رووی دا.

وەرگێر بهروز سەرچاوە ئینترنێت

# هەوڵی وەڵاتەیەکگرتووەکان بۆ بەربەست کردنی ئیمکانات و توانایی ئابوری و سیاسی رژیمی ئێران

یەکێك لە لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی: کە وەڵاتەکەی باوەڕی وایە کە رژیمی ئێران لە ئالۆزی و بشێویەکانی عێراق بە تایبەت و ناوچەی خۆرهەڵات بە تێکڕا دەستی هەیە و لەو بارەوەئەمریکا پێداگرە کە توانایی و ئیمکاناتی رژیمی تاران کە لە خزمەت کاری تێکدەرانەدایە، بەربەست بکا. نیکۆلانس بیرنز، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کونفرانسێکی تایبەت گوتی: کێشەی سەرەکی وەزارەتی دەرەوە، ناهێوری رۆژهەڵاتە کە دەستە و تاقمەکانی سەروە رژیمی ئێران خولقاندوویانە و تارانیش هەڕەشە لە دراوسێکانی دەکا گەلاڵە ئەتۆمیەکانی دەباتە پێش. برنز لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەوڵمان داوە کە بە پێو شوێن گرتنی سیاسەتی شەفاف، توانایی رژیمی ئێران بۆ وەدەست هێنانی زەرادخانەی ئەتۆمی بەربەست بکەین و بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاوین کە فشاری زۆر بخەینە سەر دەسەڵاتدارانی رژیم. مەبەستی من فشاری سیاسی و ئابوریە، تا بەو هۆیەوە ناچاری بکەین کە واز لە فرسەت تەڵبیەکانی بێنێ. یەکێك لە گرینگترین ئەرکەکانی سیاسەتی واشینگتون ناچار کردنی رێکخراوی نەتەوەکانە تا رژیمی ئێران ئابلۆقە بدات. ئەمریکا ئەیهەوێ کە دامەزراوەکان ببێتە سەر ئەو باوەڕە کە هاوکاری خۆیان لەگەڵ رژیم بپچڕێنن. وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا هەر جۆرە موعامەلەیێکی





ماڵی و دولاری لەگەڵ دوو بانکی ئەمریکا قەدەغە کردوە هەوڵی تەریك خستنەوەی رژیم لەلایەن ئەمریکا بەردەوامە و نێزیك بە ٤٠ کومپانیا و شیرکەت بەڵێنیان بە وەڵاتە یەکگرتووەکان داوە کە موعامەلە لەگەڵ رژێمدا بپچڕن. ئەمریکا بە هەوڵی بەردەوامی، ئەو کومپانیا و شیرکەتانەی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی خۆی، کە بانکەکانی رژیم دابین کەری ماڵی ترۆریستانن. لەو پێوەندیەدا لوی لێپرسراو لە وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا گوتی: کە زۆربەی دامەزراوە ماڵیەکانی جیهان ڕادەی هاوکاریان لەگەڵ رژیم کەم کردۆتەوە، لە بەر ئەوە بانکدارانی جیهانی نایان هەوێ لایەنی حیساب لەگەڵ رژیمێك بن کە بە شێوەییێکی ئاگایانە پەرەپێدەری چەکی غەیرە موتەعاریفە و دابین کەری ماڵیاتی تاقمە ترۆریستەکانی رۆژهەڵاتە. نیکولاس برێنزیش گوتی: کە ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ کە کومپانیا و شیرکەتە نەوتی گازیەکان هان بدات کە سەرمایەدانان لە ئێران ڕابگرن. برێنز زیادی کرد کە وەڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی فشار خستنە سەر ئێران لەلایەنی ماڵی و سیاسیەوە سەرکەوتوو بووە و پێوەندی زۆر لایەنی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە پچڕاندووە. برێنز پێی وابوو کە هاوکات لەگەڵ فشار خستنە سەر رژیمی تاران بە دەرکردن و پەسەند کردنی بڕیارنامەی دووهەم و ئەگەری پەسەند کردنی بڕیارنامەی سێهەم لە دژی ئەو وەڵاتە و سەپاندنی بەربەستەکانی ماڵی و ئابووری قورستر بە سەر ئێران، ئێران وەزعی یەك لا بێتەوە و خەڵکی ئێران لە دەست هەلاوسان و فەقری لە ڕادەبەدەر و گرێ و گۆڵی دروستکراو رزگاریان بێ.